# ئالان عومەر:

# بەبێ پاڵپشتی ماددی کاری هونەرمەند سەختە



**رووی لە وڵاتی سوید کردووە و ئێستا لەوێ ژیان بەسەر دەبات، ئالان تا ئێستا خاوەن چەندین بەرهەمی جیاجیایە وەك سیدی و کلیپ و یەکێکە لەو دەنگە ئافرەتانەی کەهەر لە سەرەتاوە بەهرە و توانا هونەرییەکانی دەرکەوتن، جگە لە شێوەزاری سۆرانی ئالان عومەر یەکێکە لەوانەی کە زۆر بە جوانی بە شێوەزاری کرمانجیش سەرکەوتووانە گۆرانی دەڵێ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە بەردەوام گۆرانییەکانی خانمە هونەرمەند گوڵبەهار لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان دەڵێتەوە، تەنانەت گۆرانی (دلۆ)ی بە ڤیدیۆ کلیپیش تۆمار کردووە بە هاوکاری تیپی مۆسیقای دهۆك، لە پەیوەندییەکدا ئالان عومەری هونەرمەند لە سویدەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** زۆرباس لەهۆکارەکانی چوونت بۆ ئەوروپا کراوە، حەز دەکەین تۆ خۆت زیاتر بۆ خوێنەران باس لە هۆکارەکانی چوونت بۆ ئەوروپا و گەڕانەوە و نەگەڕانەوەت بکەی؟**

- لە هەموو جێیەك ژیانکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان لەسەرووی کارو هەر پیشەو خزمەتێکی گشتییەوەیە، تۆ ئەگەر دەرفەتت نەبوو خودی خۆت ژیانێك بۆ خۆت دابین بکەی ناتوانی خزمەتی گشتیش بکەی ئەگەر نەتوانی لە بەڕێوەچونی ژیانی خۆت دڵنیابیت توانای داهێنانت نییە. لەکوردستان ئەگەر بتەوێت بژیت دەبێت چەند شەفتە دەوام بکەی ئەگەرنا ناتوانیت بژیت وەك هونەرمەندێك توانای داهێنانیشت نییە. یانی بەڕاستی زۆرێك لەهونەرمەندانی کورد پەرتەوازە بوون لەکوردستان ژیان و پێویستییەکانی لێیان دەخوازێ هەموو کاتەکانیان بۆکار دابنێن هونەر و خسوسیەتی هونەرمەندیش ڕێییان لێدەگرێت هەموو کارێك بکەن، خۆ ناتوانن کاتەکانیشیان هەموو بۆ کاری هونەری تەرخان بکەن، چونکە هونەریش یەکێکی تر لە قورسییەکانی ژیانە بەسەر شانی هونەرمەندەوە، جگە لەخەرجی هیچ داهاتێکی نییە بۆیە منیش تا ئێستا نازانم لەکام لا دەژیم لەکوردستان درێژە بەژیان دەدەم یان لە ئەوروپا.

من بۆ چەند کارێکی هونەری هاتووم و لە راگەیاندنەکان باسمکردووە وەك کۆنسێرت و کلیپ و تۆماری چەند بەرهەمێکی هونەری، بەڵام دڵنیا نیم دەگەڕێمەوە یان لێرە بارگەی ژیان دەخەین، چونکە منیش وەك زۆرێك لە هونەرمەندەکانی کوردستان بەهۆی سەختی ژیان و نەبوونی هیچ هاوکارییەك بە رەچاوکردنی تایبەتمەندێتی ژیانی هونەرمەند رەنگە تووش بە جۆش دامانێك بووبم بەدیار ژیانی سەختی هونەرمەندبوونەوە، بۆیە من پێم باشە دەسەڵاتی کوردستان بەجدی ئاوڕ لەو لایەنە بداتەوە کە بۆچی لە کوردستان هونەرمەند ناتوانێ دڵنیابێت لەژیانی خۆی.

*** تۆ لە کوردستان بوویت ئێستاش لە ئەوروپای، دەکرێ بەوردی باس لە جیاوازییەکانی کاری هونەریمان بۆ بکەیت لە ئەوروپا و کوردستان ؟**

- من باسمکرد ژیانی هونەرمەند سەختە بۆیە لە هەرکوێ بێت سەختی بۆ کارەکانی هەیە وەك وەڵامێك زۆر کەس باسیان کردووە، منیش دەتوانم بڵێم لەکوردستان هەبونی موزیك ژەنی باش و هەماهەنگی و دەستگەشتن بە پێویستییە هونەرییەکان کارەکان ئاسانتر دەکات و لەدەرەوەش دووری نێوان هونەرمەندەکان و کۆنەبوونەوەیان کارەکان زەحمەتتر دەکەن،بەڵام دولایەنە لە هەردولا بەشێك لە زەحمەت هەیە لەکوردستان وێڕای ئەو ئاسانییەی کە باسمکرد نەبونی تەکنیکی باش زەحمەتی بۆ باشی کوالێتی بەرهەمەکان دروست دەکات، لێرەش دوری نێوان هونەرمەندەکان و وەك پێویست دەست نەگەشتن پێیان زەحمەتی دەخولقێنێ بۆیە لەهەردوو سەختی هەیە، بەڵام بۆکێ و کام هونەرمەند سەختە؟

ئەوە پرسیارە کە وەڵامەکەشی ئەوەیە ئەو هونەرمەندەی هاوکاری و پاڵپشتی مادی لەپشت نەبوو هەموو شت سەختە بۆی پێچەوانەکەشی هەیە ئەو هونەرمەندەی کە هەموو دەرگایەکی

ناوەڕۆکی هونەر بەتاڵە

بۆ کرایەوە هەموو کارەکان ئاسانە بەدەستییەوە لە هەرکوێ بیەوێت کار دەکات زۆر بە ئاسانی، بەڵام بۆ ئێمە مانان کە هاوکاری باشمان نییە جیاوازی لێرەو لەوێ نییە لەهەر لایان بەشێکی زۆر لەسەختی هەیە بۆ کارەکانمان لەوێ نەبوونی توانای ماددی بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی کارەکەت لێرەش نەبوونی توانای مادی بۆ کۆکردنەوەی موزیسیانی باش و کارکردن لە ستۆدیۆی پێشکەوتوو.

*** وەك ئافرەتێك ژیان لە ئەوروپا بۆتۆ چەند سەختە؟**

- ئاماژەم بەوەدا ئەگەر کەسێك هونەرمەند بێت ژیان سەختە بۆی، جا ئەگەر ئافرەتیش بێت ئەوە دەبێت چۆن بێت لەکوردستاندا ئافرەتێك بیەوێت بۆخۆی لەماڵی خۆی بژی و دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی لەسەر خۆی بێت لەهەمان کات هونەرمەند بێت و پیشەکەشی ڕێگەی هەموو کارێکی لێبگرێت و داوای کات دابینکردنیشی لێبکات دەبێت چۆن بژی؟ بێگومان زۆر سەختە، ژیان لە ئەوروپاش ژن و پیاو وەك یەکە ئەوەی کار نەکات ناتوانێ بژی لێرەش ژیان لێت دەخوازێت هەموو کاتەکانتی بۆ دابین بکەی، بۆیە لێرە ئەوەی بیەوێت خۆش بژی و لە ژێر رەحمەتی سۆشیال بە نیوە ناچلّی نەژی دەبێت کار بکات ئەگەر لەهەر کەسێکیش لە ئەوروپا پرسیار بکەی بەمەرجێ کار بکات دەبینی کارو کارو کار هەموو ژیانی داگیر کردووە و هەموو دەرفەتەکانی لێزەوتکردووە و تەنها کاریش دەتوانێت ژیانێکی باشتر بۆ دابین بکات.

بۆیە وەك بۆ هونەر باسم کرد بۆ ژیانیش لە هەردوولا زەحمەت هەیە، بەڵام جیاوازییەك هەیە لێرە ئەگەر کەسێك نەیەوێ کار بکات یان توانای نەبێت پێویستی نییە بە دەستگیرۆیی خەڵك بژی ئەوە سیستەمی سۆسیال هەیە و هەرچۆن بێت بە نیوە ناچڵیش بێت دەتژیێنێت و ترسی دابینکردنی کرێ خانوشت نییە کەوایە دەتوانم بڵێم غوربەت و دوری نیشتیمان و کەس و کارو هاوڕیکانتی لێدەربکەی کە ئەوانەش زۆر سەختن ژیان لێرە بۆ هەموو کەس ئاسانترە تا کوردستان.

*** لە ئەوروپا کاروچالاکییە هونەرییەکانت چی بوون؟**

-کارو چالاکیەکانم بۆ نەورۆزی رابردوو کۆنسێرتێکم ئەنجامداوە لە شاری ئومیە و لە بەرنامەی سۆلۆ میوانداری کرام و لە تەلەفزیۆنی نەورۆز لە ستوکهولم بەرنامەیەکی تایبەتم کردووە لەسەر کارو چالاکیەکانم و لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگەکانیش بەشدارم . جگە لەمە کارێکی هونەریم کردووە لەگەڵ تەواو بوونی بەخوێنەرانی بەڕێزتان رادەگەیەنم لەم ماوەیەشدا هەر لەسوید کۆنسێرتێکی تر سازدەکەم بە هیوام بتوانم ئەو کارانەی دیکەش کە لە خەیاڵمدایە ئەنجامیان بدەم.

*** سازکردنی کۆنسێرت و ئاهەنگ لەئەوروپا بۆ ئافرەتێکی هونەرمەندی وەك تۆ کارێکی سەخت و زەحمەت نییە؟**

- نا بۆ ئەو لایەنە سەختییەکی وا نییە چونکە لەگەڵ لایەنێك کارەکە دەکەیت و وەك هونەرمەندێك تەنها خەمی ئامادەکردنی بەرهەمەکانی خۆتت هەیە ئەو لایەنەی لەگەڵتە ئامادەکارییەکان دەکات بۆ موزیکیش هەر هونەرمەندێك بۆ سازکردنی ئاهەنگەکانی موزیك ژەنی خۆی هەیە و منیش میوزیکژەنی خۆم هەیە هاوکارم دەبێت

*** هاوسەرگیری تۆ و مامۆستا چەتۆ کچێکی لێکەوتەوە ئێستا لای کامتانە؟**

- بەلێ من کچێکم هەیە لە سەرەتاوە لای من بووە هەر لای منیش دەبێت تا ئەو کاتەی خۆی توانای بڕیاردانی دەبێت ئەو کاتیش خۆی بریار ئەدات.

*** تۆ پێشتر لە دیمانەیەکدا گوتبووت هونەری کوردی پێشکەوتووە،بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێك نییە، بۆچی پێت وایە نا ڕێکوپێکە؟**

- راستە وتومە هونەر بەرەو پێش چووە بەشێوەیەکی نارێکوپێك، دیارە ئەگەر روون نەکرێتەوە جیاوازی هەیە، چونکە لە پێشکەوتندا نارێکو پێکی نییە. مەبەست لە پێشکەوتن ئەوەیە کە لە شێوازی وتن و دابەشی موزیك و چۆنیەتی تۆمارکردن پێشکەوتن بوونی هەیە و ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، بەڵام لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئاواز و هۆنراوە و پەیامی گۆرانییەکان بەراستی نارێك و پێکی بوونی هەیە ئەویش مەسەلەکە ئەوەیە بۆ بەردەوامی دان بەکارەکان و ڕەچاوکردنی بازاڕی هونەر لەکوردستان هونەرمەندان توشی ناچاری کارکردنێك هاتوون کە بۆخۆشیان بروایان پێی نییە و تێنەگەیشتنی بازاڕو کڕیارو گوێگری بەرهەم ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنێت، بۆ نمونە ئەگەر گوێ لە هەندێ گۆرانی بگریت لەرابردوو وتراوە بەهۆی دەوڵەمەندی ناوەڕۆك و پەیامەکانی هۆنراوەکەی لەیەك کاتدا سیاسییەك دەتوانێت بەشێوەیەك لە شێوەکان خەمەکانی خۆی تیا ببینێت و عاشقێکیش عەشقی خۆی، تۆ گوێ لەبەرهەمەکەی مامۆستا ئیبراهیم خەیات بگرە"ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا" دەتوانی بە لایەنە کوردییەکانی ئەوکاتی بشوبهێنی و لەهەمان کاتیش بە دوو عاشق یان بەدوو نەتەوەی هاوبەش لە نیشتیمانێکدا و زۆری تر، بەڵام ئەمڕۆ ناوەڕۆکی بەرهەمەکانمان بەتاڵ لە زۆر لایەنن، چونکە بازاڕ گەنجێکی تازە پێگەشتووی هەیە ئەویش دەیەوێت بە ئاسانی خۆی لە بەرهەمەکان ببینێت. بازاڕ حەزی بەهەڵپەڕکێ و گۆرانی ئیقاعییە بۆیە ئەوەندەی ئیقاع و ئاواز گرنگی پێدەدرێت ئەوەندە ناوەڕۆك گرنگ نییە، ئەوەش لەکاتێکدا هونەر دەبێت رۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگا نارێکو پێکیەکە لێرەدا یە،بەڵام ئەمرۆش ناوەرۆکی هونەر بەتاڵە ئە ی بەچی خەڵك ئاراستەدەکات خۆ بە هەڵپەڕکێ و ئیقاع ناکرێ؟!! لەم لایەنەش راگەیاندنەکان بەشدارن لەدرێژەدان بەو تێنەگەشتنە، چونکە هەمان ئەو بەرهەمانە عەرزو فەرزیش دەکات کە بازاڕ دەیەوێت و پێچەوانەکەشی فەرامۆش دەکات.

*** پێناسە تۆ بۆ خۆشەویستی وعەشق هەر وەك خۆیەتی یان گۆڕاوە دوای ئەوەی چوویت بۆ ئەوروپا و ئەوگۆڕانکاریانەی بەسەر ژیانتدا هاتن لەهەموو بوارێکدا؟**

- لەسەرەتای هەستکردنم بە عەشق بەپیرۆزی لێم روانییوە ئێستاش هەمان تێڕوانین و بۆ چۆنم هەیە، چونکە بڕوای ئینسان لەو بارەیەوە بە گۆڕینی جێگە گۆڕانی بەسەرنایەت، دەکرێت خراپەکاریی و درۆکان ناچاری کردبین زەحمەت عاشق بوونی خۆمان رابگەیەنین، بەڵام هەرگیز بڕوات بەوە نەبێت ژیانێکی بێ عەشق لای هیچ کەس بوونی هەبێت لەهەر کوێ و جێیەك بێت.

*** جاران دەمانگوت ئافرەتی گۆرانیبێژمان لەبواری هونەریدا کەمە یان نییە، ئێستا زۆرە، بەڵام کەسانێك هەن دەڵێن شێوە و ستایلی گۆرانی گوتنیانمان بە دڵ نییە، ئایا ئەو هەبوونە یان نەبوونەکەی جاران کامیان باشترە؟**

- دەبێت بزانین بۆچی خەڵك پێی باش بوو ئافرەت زیاتر روو لەهونەر بکات و بۆچی ئێستا پێی خراپە؟ بێگومان خەڵك دەخوازێت و واقیعی هونەریش فەرز دەکات ڕێژەی ئافرەتیش روو لەزیادبون بێت، راستە ئێستا تا ئاستێك ئەو ڕێژەیەش روو لەزیادبونە، بەڵام وەك دەڵێیت تا ئاستێك خەڵك هێشتا قسەی هەیە و نارەزاییش بونی هەیە. من پێم وایە چۆن تێگەشتن و داخراوی کۆمەڵگە لەبەردەم زیاتربونی ئەو ڕێژەیە تا ئێستاش ڕێگری دەکات ئاواش تەعامولی ئافرەتە گۆرانیبێژەکان لەسەر شاشەو تا حەدێك لەنێوکۆمەڵگا و لەژیانی خۆیان وایکردووە حەساسیەت بە هاتنە مەیدانی ئافرەتی گۆرانی بێژ زیاتر بێت، بۆیە ئەگەر رای شەخسی منیش پرسیار بکەی؟ دەڵێم ئەگەر بەمەنتقی کۆمەڵگاو نەریتی کۆمەڵی کوردەواری بڕیار بدەین بێگومان جاران باشتربووە چونکە تەنها داخراوییەکە ڕێگری دەکردو بە مروری زەمەنیش ئەو داخراوییە بەرەو کرانەوە دەچوو، ئێمە دەبێت بزانین هونەر بۆکوێ و کام کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەکەین کە ئەوەمان زانی باشتر تێدەگەین هۆکاری نارەزاییەکان لەکوێدان.

*** لەو بەرهەمانەی تا ئێستا پێشکەشت کردوون لە کامیان زیاتر رازیت؟**

-بەرهەمەکانم هەموویان جێی سەرنجن و خۆشەوێن، بەڵام زۆریش لە ناوەڕۆکەکان رازی نیم کە ئەویش هۆکاری خۆی هەبووە جگە لەو هۆکارەی کە پێشتر وتم بەناچاری کارکردنێك بونی هەیە.

**لەکۆتایشدا خاتوو ئاڵان گوتی:**

زۆر سوپاسی گوڵان دەکەم بۆ سازدانی ئەم دیمانەیە بە هیوام مینبەرێك بن بۆ گەیاندنی کارو چالاکیەکانی هونەرمەندان لە دەرەوەو لە ناوەوەی کوردستان بێ موجامەلەش وێڕای هەموو گۆڕانەکان بەسەر ئەو گۆڤارەدا هونەر لە لاپەرەکانیدا بێرەنگ نەبووە پێشکەوتنی زیاتریش بۆ گوڵانی خۆشەویست و خۆشەویستیم بۆ ستافەکەی لە سەرنوسەرەوە تا پاسەوانەکانتان.

راگەیاندنەکان بەشدارن لەدرێژەدان بەو تێنەگەشتنە



# نازک نێرەویی:

# لایەنی هونەری گرنگترە لە پشت بەستن بە جوانی

هـــەر چەندە دەتوانین بڵێیـــن تەمەنی زۆر درێژ نییە، بەڵام ســـەرەڕای ئەوەش توانیوویەتـــی بونی خۆی وەك ئافرەتێکی بەهێز و بوێر بیســـەلمێنێت بەدەنگ و بەهرە هونەرییەکانـــی و هەڵبژاردنی راســـت و دروســـتی شـــیعر و ئاوازەکانی بۆ ئەوەی گۆرانییەکی ناســـك و خۆش پێشـــکەش بە جەماوەربکات کە زیاتر لە گۆرانیی کـــوردی نزیك بکاتەوە، چونکە وەك خۆی دەڵێت عاشـــقی فولکلۆر و گۆرانی رەســـەنی کوردییە بە پێچەوانەی هەندێك لەو ئافرەتە گۆرانیبێژانەی ئێستا لە مەیدانی گۆرانی کوردیدا بوونیان هەیە.

نـــازك و گۆرانـــی و موزیکی کـــوردی پەیوەندییەکـــی رووحی بەهێز کۆیـــان دەکاتەوە و عەشـــقی ئەو بۆ گۆرانی وای لێکـــردووە هەمووکۆت و بەنـــدەکان بشـــکێنێ و بە جورئەتەوە بەردەوام بێـــت لە گۆرانی گوتن، لەبەسەرکردنەوەیەکدا (نازك نێرەویی)ی هونەرەمەند بەم شێوەیە لە رازەکانی دڵی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان باس کرد:

*** جـــاران ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی هونەرمەند لـــە دەڤەری دهۆك هەبوون، ئێســـتا کەمتر بەدی دەکرێن، هۆکارەکانی چین؟**

- راســـتە، بەڵام من لەو باوەڕەدام هیچ کاتێك دەنگـــی خانمە هونەرمەندە کانـــی وەك گوڵبەهار و نەســـرین خان و عایشـــە شـــان نامرن و هەر بە زیندوویی دەمێننەوە.

*** مەبەستم نەبوونی ئافرەتی ترە جگە لەوانەی ناوت هێنان؟**

- بە پێچەوانەوە من دەتوانم بڵێم زۆر گۆرانبێژ لە دەڤەری دهۆك و هەموو شـــوێنەکانی دیکەی کوردســـتان هـــەن، بـــەڵام مخابن خانـــەوادە یان عەشـــیرەت یان چەند هۆکارێکـــی تر هەن رێگرن لەبەردەمیان واتە کۆمەڵـــگا رێگرە لەوەی بتوانن بەهـــرە هونەرییەکانیان دەربخەن، مـــن بۆ نموونە ئێستاش زۆر کەس لە کۆمەڵگادا هەن دەڵێن نازك کچی فلانە عەشیرەت یان بنەماڵەیە، چۆن دەبێ بچینە سەر تەختەی شـــانۆ یان لەسەر شاشەیەك دەرکەوێـــت و گۆرانی بڵێ؟ نابێ ئەم کارە بکات، من پێچەوانەی ئەم بیرورایانەم و پێموایە جوانترین وشـــە لای مـــن ئەوەیە کە کەســـێك پێـــم دەڵێ: هونەرمەنـــد بۆیە داوا لە خەڵك دەکەم ئەم دیاردەیە لـــە نێوانیاندا نەهێڵن و بە یەکجاری بنبڕی بکەن، چونکـــە گۆرانی گوتـــن وەك چەکێك وایە کە بە شانمانەوە بێت.

*** هیچ جیاوازییەك بەدی دەکەیت لە نێوان ئەو ئافرەتە هونەرمەندانەی ئێستا هەن و ئەوانەی پێش ئێوە لە مەیدانی هونەردا بوون؟**

- پێموایە جیاوازییەکی زۆر هەیە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەو گۆرانیانەی ئەو کات پێشـــکەش دەکـــران فولکلۆری بـــوون، زۆر زۆر بەداخەوە کە ئێســـتا هەموو هونەرمەندان گرنگی بە فولکلۆر نادەن، من خۆم هەوڵ دەدەم هەمیشە گرنگییەکی زۆر بە فولکلۆری رەســـەنی کوردی بدەم، چونکە ئێمـــەی هونەرمەنـــد هەموومان لەســـەرەتادا بە

فولکلۆر دەست پێدەکەین، ئافرەتانی هونەرمەندی ئەم سەردەمە تێبینیم کردووە زۆربەیان فولکلۆر ناڵێن یان نایژێننەوە، هیوادارم ئەوانیش قەدر و قیمەتی فۆلکلۆر بزانن، سەنگی بپارێزن، بۆیە سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەت گرنگی دان و نەدان بە فۆلکلۆری کوردی یەکێکە لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان ئافرەتانی هونەرمەندی ئەم سەردەمەی ئێمە و هونەرمەندە نەمرەکانی پێش ئێمە.

*** ئێستا هەندێك ئافرەت بەشێواز و ستایلێکی ڕۆژئاوایی نوێ گۆرانی دەڵێن، بە جۆرێك هەندێك کەس پێیان وایە هیچ پەیوەندییان بە کلتور و دابونەریتی کوردییەوە نییە تۆ وەك ئافرەتێك چی دەڵێی بۆ ئەم دیاردەیە؟**

- من بەو ئافرەتە هونەرمەندانە دەڵێم وا باشترە لەسەر شێوازی کوردی گۆرانی بڵێن ئەو توانا و بەهرەی هونەرییەی هەیانە لە ستایلی کوردیدا بەکاری بهێنن نەك شێوازی بیانی و ڕۆژئاوایی، ئێمە لەم سەردەمەدا زۆر ئافرەتی هونەرمەند دەبینین کە گۆرانی دەڵێن پێموایە هیچ تامێکی کوردییان لێ بەدی ناکرێت و تا ڕادەیەکی زۆریش دەتوانم بڵێم لای گوێگری کوردی نامۆن، بۆیە وا باشترە سوود لە شێواز و ستایلی کوردی وەربگرن.

*** پێت وا نییە پشت بە لەش و جەستەیان دەبەستن زیاتر لە دەنگ و بەهرە هونەرییەکانیان؟**

- ئەو جۆرە هونەرمەندە ئافرەتانە زیاتر حەز دەکەن بە جوانی دەرکەون و بیر لە شیعر و ئاواز و گۆرانییەکە ناکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن چۆن دەبێ و جەماوەر چۆن پێشوازی لێدەکات و بە دڵی دەبێت، پێموایە دەرکەوتنی جوانی بەژن و باڵای خۆیانیان لەلا گرنگترە و حەز دەکەن زیاتر جوان بن لەسەر شاشە و لە پێش چاوی جەماوەر، زۆر مخابن بۆ ئەم دیاردەیە، هیوادارم ئەم ئافرەتە هونەرمەندە بەڕێزانە سەرەتا سەیری شیعر و ئاوازی گۆرانییەکانیان بکەن و بزانن جەماوەر چ جۆرە گۆرانییەکی دەوێ و چۆن شوێنی خۆی لە دڵی جەماوەردا دەکاتەوە و ئەوەندەی گرنگی بە جوانی و بەژن و باڵای خۆیان دەدەن با هەندێکیش گرنگی بەلایەنە هونەرییەکە گۆرانی بدەن.

*** زۆر لە هونەرمەندە کوردەکان بەشێوەی دویۆ گۆرانییان گوتووە تۆ چی دەڵێی بۆ ئەم دیاردەیە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من ئەم دیاردەیە بەشتێکی جوان دادەنێم بەتایبەتی ئەگەر کوڕ و کچ بن، بەڵام من وەك نازك تا ئێستا هەوڵێکی ئەوتۆم نەداوە بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکی لەم جۆرە لەگەڵ هیچ هونەرمەندێك.

*** گۆرانی یان سروود بۆ خاك یان دایك یانیش خۆشەویستە، تۆ وەك ئافرەتێك ئامادەی گۆرانی بۆ جوانی کوڕێك بڵێی؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانم پێت بڵێم و لە ڕێگای گۆڤارە ئازیزەکەی ئێوەشەوە بە هەموو گوێگران و جەماوەری خۆم ڕابگەیەنم کە لە بەرهەمی داهاتوومدا چەند گۆرانییەکی لەو شێوازەی تێدایە کە کوڕ بۆ کچی گوتووە نەك بەپێچەوانەوە وەك ئەوەی ئێستا زۆر باوە واتە من بۆ کوڕم گوتووە.

*** ئەم شێوازەی گۆرانی گوتنە (لە کچەوە بۆ کوڕ) بەلای تۆوە شتێکی سروشتی بوو؟**

- بێگومان زۆر سروشتی بوو، پێموایە شتێکی زۆر جوانتریشە کە کچ بۆ کوڕ گۆرانی بڵێ.

*** ئەو ئاستەنگە بەرچاو و گەورانە چی بوون کە تا ئێستا وەك ئافرەتێك هاتوونەتە سەر ڕێگات؟**

- شتێکی ئاشکرا و بەرچاوە هەر کەسێك جا پیاو و یان ئافرەت بێتە نێو بواری هونەرەوە دووچاری گرفتی جۆراو جۆر دەبێتەوە، بۆ ئافرەتیش ئەوا گرفتەکان زۆرتر و ناخۆشتر و کاریگەرترن، چونکە ئافرەت بوونەوەرێکی زۆر ناسکە، و قسە و قسەڵۆکی لابەلای جۆراوجۆری دەربارەی دەکرێ لەلایەن کۆمەڵگا بە گشتی نەخاسمە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکانی وەك ئێمە، بەڵام من وەك کچە هونەرمەندێکی کورد هیچ کاتێك گرنگیم بەم قسە و قسەڵۆکانە نەداوە.

*** جگە لە ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان، تۆ زۆر ڕووبەڕووی چ گرفتی دیکە بوویتەوە وەك ئافرەتێك بەتایبەتی لە ڕووی هونەری و ماددییەوە؟**

من خۆم وەك نازك ئێرۆبی یەکێکم لەو کەسانەی کە لە ڕووی ماددییەوە تا ئێستا بە هیچ جۆرێك هاریکاری نەکراوم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا لە هونەر بەردەوام و هەر بەردەوامیش دەبم.

*** هەندێك کەس دەڵێن ئێستا دیاردەی بازرگانی کردن بە هونەرەوە زۆرە،پێت وایە هونەریش وەك هەر کارێکی دیکە بووەتە جۆرێك لە بازرگانی کردن؟**

- نەخێر، من وەك کەسێکی ئاسایی نەك هونەرمەندێك دەڵێم هونەر یاخود کاری هونەری بازرگانی نییە، بەداخەوە هەندێك هونەرمەند هەن بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان، فولکلۆر و کلتوری ڕەسەنی خۆیان دەخەنە قالبێکی بازرگانییەوە.

*** بەڵام ئەگەر سوودێکی ماددی لەبەرهەم و کارەکانت دەست نەکەوێت، چۆن دەتوانی کاری هونەری نوێتر و باشتر پێشکەش بە جەماوەرەکەت بکەیت؟**

- من تا ئێستا کارێکی هونەریم پێشکەش نەکردووە کە سوودی ماددی لێ ببینم یان زیان تێدابکەم، ئێستا خەریکم کار دەکەم بۆ بەرهەمی یەکەمی خۆم وەك سیدی، دوای بڵاوبوونەوەی سەیردەکەین بزانین چۆن دەبێ و جەماوەری کورد چۆن پێشوازی لێدەکات، چ ڕەخنەیەکی لەسەر دەبێت یان چ لایەنێکی بەدڵ دەبێت و لە ڕووی ماددییەوە چۆن دەبێت؟ ئەو کات دەتوانین باسی ئەم لایەنانەی هەموویان بکەین و بڕیاری خۆمانی لەسەر بدەین.

*** بەڵام من مەبەستم ئەوەیە گریمان ئەگەر تۆ لەلایەنی ماددییەوە زەرەمەند بی ئایا هەر بەردەوام لەسەر کاری هونەری یان ئەوکاتە قسەیەکی ترت دەبێ؟**

- ئەگەر لە ڕێگای هونەرەوە زیانی ماددی زۆریش بکەم، سەرەڕای ئەو هەموو ماندووبوون و هیلاکییەی خۆم، ئەوا هەر بەردەوام دەبم لەسەر هونەر و پێشکەشکردنی بەرهەمی نوێ، دیارە من کە کاری هونەری دەکەم مەبەستم ئەوە نییە کە سوودی ماددی بەدەست بهێنم یان لە پێناو ماددە و دەوڵەمەندی گۆرانی بڵێم، نەخێر گۆرانی بۆ ئەوە دەڵێم کە لە ڕێگای ئەو بەهرە و تواناییەی خوا پێی بەخشیوم خزمەتێك پێشکەش بە گەل و نەتەوەکەم بکەم.

*** لە هەموو جیهان هونەرمەندانی پیاو و ئافرەت لە ئاهەنگی تایبەتیدا گۆرانی دەڵێن، تۆ وەك ئافرەتێك ڕات چییە بەرامبەر بەم دیاردەیە؟**

- من دەڵێم بۆ هەر هونەرمەندێك کارێکی جوان و پێویستە کە لە بەرامبەر جەماوەری خۆیدا ڕووبەڕوو گۆرانی بڵێ، بەڵام بەشێوەیەکی ئەوەندە زۆر نەبێت کە بەشێوەیەکی سلبی کاریگەری بەسەریانەوە هەبێت، بۆ نموونە با لە مانگێکدا بەشداری لە ١٠ ئاهەنگدا نەکات بەڵکو وام پێ باشترە ئەو ئاهەنگانەی بەشدارییان تێدا دەکات مانگانە لە ٣ ئاهەنگ تێپەڕ نەکات، هەروەها من بەشداریم لە ژمارەیەکی زۆری کۆنسێرتی جەماوەریدا کردووە.

*** چ پێشنیارێکت هەیە بۆ لایەنە بەرپرسەکان بۆ سازکردنی فیستیڤاڵی هونەری تایبەت بە گۆرانی لەسەر ئاستی کوردستان؟**

-هیوادارم لە کوردستانیش وەك هەموو وڵاتانی جیهان بەشێوەیەکی فیستیڤاڵی گۆرانی و موزیك ئەنجام بدرێت، ئەگەر سەیری وڵاتان بکەین دەبینین ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەردەوامە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.

*** تا چەند پشتگیری لە سازکردنی فیستیڤاڵی تایبەت بە ئافرەتانی گۆرانیبێژ دەکەی؟**

-نەخێر، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەگەر فیستیڤاڵێك ساز بکرێت تەنیا بۆ ئافرەتان بێت ئەگەر سازیش بکرێت با هەموو هونەرمەندێك مافی بەشداریکردنی تێدا هەبێت بەبێ هیچ جیاوازییەك.

*** چەند بەرهەمت بڵاوکردۆتەوە؟**

- تا ئێستا خاوەنی چوار ڤیدیۆ کلیپم، هەروەها بەرهەمێکی فۆلکلۆریم بڵاوکردۆتەوە بەشێوەی دەنگ و ڕەنگ، لەم ماوەیەی ڕابردووشدا بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٩ بە کۆتا هاتووە، ئەو بەرهەمە گۆرانییەکی تێدایە کە بەشێوەزاری سۆرانییە بەناوی ( عومری من) کە بە نیازم لەگەڵ سێ گۆرانی دیکەی ئەم ئەلبوومە بە ڤیدیۆ کلیپ تۆمار بکەم، هەروەها بیر لە گۆرانییەکی تایبەت بە منداڵان دەکەمەوە پەنا بەخوا ئەویش دێتە دی.

لە کۆتاییشدا خاتوو نازك ئاماژەی بەوەکرد کە لە ماوەی ڕابردوودا دوو سروودی ڤیدیۆ بڵاوکردووە کە بۆ پشتگیری کردن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و هاندانی خەڵك بوو بۆ بەشداریکردن لەو پرۆسەیە پیرۆزە، یەکێکیان بۆ دەنگدان بوو ئەویتریش بەبۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدان بوو.

**هەندێک هونەرمەند هەن بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان، فولکلۆر و کلتوری ڕەسەنی خۆیان دەخەنە قالبێکی بازرگانییەوە**

**ئێستا هەموو هونەرمەندان گرنگی بە فولکلۆر نادەن**

# جەنگ لەنێوان
# راغب عەلامە و فەزل شاکر





ماوەیەك دەبێ ڕێك لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٨ نووسینگەی هونەرمەند فەزل شاکر بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە هەندێم هونەرمەندی لوبنانی کە ماوە ماوە دەیانەوێ پروپاگەندی لە دژی بڵاوبکەنەوە و هێرشی دەکەنە سەری، چونکە خۆیان هیچیان پێ نەماوە و چەند ساڵێك دەبێت سەرکەوتوو نین لە کاری هونەریدا، دوای ئەم بەیاننامەیە جەنگێکی قسە و پروپاگەندەی گەرم لەنێوان هەردوو هونەرمەندی لوبنانی راغب عەلامە و فەزل شاکر لە ئارادایە و هەر لایەکیان تا ئێستا چەندین بەیاننامەی راگەیاندنی هێرش ئامێز دژی لایەکەی دیکە بڵاوکردۆتەوە و بە شتی جیاجیا یەکتری تاوانبار دەکەن. خزر عەلامەی برا و بەڕێوەبەری کارەکانی راغب عەلامە لە بەیاننامەیەکدا بە توندی هێرشی کردە سەر فەزل و شاکر، لەم بەیاننامەیەدا خزر دەڵێ: مەبەستی فەزل شاکر لەو هونەرمەندانە راغب عەلامە بووە، ئێمە هەوڵماندا خۆمان لە بەیاننامە و تۆمەتەکانی فەزل شاکر بەدوور بگرین کە دژی راغب عەلامە هەڵی بەستبوو، چونکە ئێمە نامانەوێ خۆمان بخزێنینە ئەو ئاستەی نزمەی راگەیاندن کە تا ئێستا هونەرمەندان لێی رانەهاتوون و پێی ئاشنا نین، چونکە تەنیا بۆ کات کوشتنە لەکاتێکدا ئێمە لە گەرمەی چالاکی هونەری و ئاهەنگە گەرموگوڕەکانی وەرزی هاوینین، بەڵام لە کۆتاییدا ناچار بووین هەندێك خاڵ روون بکەینەوە بۆ هەموو لایەك، لەوانەش ئەوەی فەزل شاکر باسی دەکات گوایە ئێمە ناوی دایکیمان بە خراپە هێناوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناوی دایك و باوکی هیچ کەسێك ناهێنین، چونکە ئەم کارانە شیاوی بنەماڵەی عەلامە نییە و خۆمان زۆر لەو جۆرە کارانە بەرزتر دەزانین و فەزل شاکر خۆی لە ئێمە باشتر دەزانێت کە لەم ڕووەوە راست ناکات و توانای ئەوەی نییە وشەی راستی بڵێت کە لە سیفاتی پیاوانە. بەیاننامەکە ئەوە دەردەخات کە ناکۆکییەکی کۆن و شاراوە لە نێوان راغب و فەزل هەیە و بەم دواییە سەریهەڵداوە، لەم بارەیەوە خزر عەلامە گوتی: فەزل تەلەفۆنی بۆ راغب کردووە و چەند قسەیەکی ناشرینی پێ گوتووە ئەویش ناچار بووە هەڕەشەی ئەوەی لێ بکات کە لە ڕێگای یاساوە داوای ئەو مافەی خۆی دەکات و دەنگی فەزلی تۆمار کردووە و پێشکەشی لایەنە تایبەتەکانی پۆلیس کردووە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە. لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا هاتووە فەزل دەیەوێ فیتنەیەك دروست بکات ئەویش بە ورووژاندنی هەستی توندڕەوی کە سزای یاسایی لەسەرە و ئەو هەڵسوکەوتانەی فەزل شاکر ئاماژەیەکی ئاشکرای ئیفلاس بوونیەتی و ئەمە جاری یەکەمی نییە ئەم جۆرە ڕەفتارانە ئەنجام دەدات، بەڵام ئەم جارە نەزانینەکەی گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەستێرەیەکی وەك راغب عەلامە بە مشك و زبڵ وەسف بکات ئەمەش گوزارشتێکی راست و دروستی نەزانین و ئەو ڕق و کینەیە کە لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتووە.

**فەزل شاکر چ وەڵامێکی هەیە؟**

دوای ئەم بەیاننامە توندەی راغب فەزل شاکر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ بەیاننامەیەکی دیکەی بڵاوکردەوە بۆ روون کردنەوەی هەندێك شت کە پێشتر بڵاوی کردبۆوە و بە ئاشکرا رایگەیاند کە مەبەستی راغب عەلامە بووە و بەیاننامەی یەکەمی لەبەر ئەوە بوو کە تەلەفۆنی بۆ خزر عەلامە کرد بوو بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی ماوە ماوە هێرشی دەکاتە سەری و گاڵتە بە ڕەچەڵەکی نا لوبنانی فەزل دەکەن هەرچەندە من بە ڕەچەڵەك لوبنانیم، بەڵام لە وەڵامدا راغب و خزری برای قسەیان بە دایکم گوت کە بەر لە دوو ساڵ کۆچی دوایی کردووە و هەر کەسێك تۆزێك کەرامەتی هەبێت بێدەنگ نابێت لە بەرامبەر ئەم جۆرە قسانەو دەبێ وەڵامیان بداتەوە، چونکە ئەمە قبوڵ ناکرێ. فەزل شاکر لە بەیاننامەکەیدا ئەوەشی خستە ڕوو کە هۆکاری سەرەکی ناکۆکییەکە لە گفتوگۆیەکی سیاسی دەربارەی مەرجەعێکی پایە بەرزی لوبنان دەستی پێکرد، دواتر راغب عەلامە وا هەستی کردووە کە فەزل شاکر قسەکانی بە مەرجەعەکە راگەیاندووە لەسەر زاری خۆی، بۆیە فەزل شاکر چەندین جار هەوڵی دا راستی رووداوەکە بە راغب رابگەیەنێت کە ئەو قسەکانی نەگێڕاوەتەوە، بەڵام قەناعەتی پێ نەبوو و بەردەوام بوو لە هێرشە بێ ماناکانی. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا هاتووە کە راغب عەلامە بە ئیستفزازەوە لە بەرامبەر دەیان کەس فەزل شاکری بە فەلەستینی ناوبردووە، هەرچەندە فەزل دایك و باوکی لوبنانین، بەڵام شانازیش بەوەوە دەکات کە فەلەستینی بێت، بۆیە پێویستە راغب عەلامە بە ئاشکرا رابیگەیەنێت کە چ گرفتێکی لەگەڵ گەلی فەلەستینی هەیە و ئایا بێزارە لەوەی کە فەزل پشتگیری لە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین دەکات و پێویست بەوە ناکات ئەوە بە بیر خەڵك بهێنینەوە کە فەزل شاکر چەندین ئاهەنگی خۆی داخستە لەوانەش ئاهەنگی سەری ساڵ لەکاتی هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و گوتنی چەندین گۆرانی بۆ فەلەستین و لوبنان و داخستنی گشت ئاهەنگەکانی لە ڕۆژانی جەنگی تەمموز لە لوبنان.

هونەری

گوڵان

ژمارە (٧٤٦)
٢٠٠٩/٨/٢٤

# ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "گەڕەکی هەژارەکان" باشترین فیلمی هەفتەی هۆلیودە

فیلمی نوێی هۆلیود "DISTRICT ٩" توانی لە هەفتەی یەکەمیدا، پلەی یەکەمی سینەماکانی ئەمەریکا بەدەست بێنێت بە کۆکۆدنەوەی ٣٧ ملیۆن دۆلار لەماوەی تەنها سێ رۆژدا.

ئەم فیلمە لەو فیلمانەیە کە پێیان دەوترێ "خەیاڵی زانستی" باس لە کۆمەڵێك بونەوەر دەکات کە لەهەسارەیەکی ترەوە هاتونەتە سەر زەوی و لەیەکێك لەگەڕەکە فەقیرەکانی ئەمەریکا دەژین، و بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یەکێك لەئاژانسەکانی ئەمەریکا دەیاندۆزێتەوە و بەتەکنەلۆجیای سەردەم دەتوانێت بەسەریان زاڵ بێت.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "نیل بلومکامپ"ـەو پاڵەوانانی فیلمەکەش: شارلتۆ کوبلی، جاسۆن کۆب، ناتالی بۆڵت، سیلڤارین سترایك، ئیلیزابیپ ماکندۆی ...

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

١- (DISTRICT ٩) ٣٧،٣٥٤ملیۆن دۆلار

٢- (G.I. Joe: The Rise of Cobra) ٢٢،٣٢٤ملیوندۆلار.

ئەم فیلمە لەهەفتەی یەکەمیدا توانی بەکۆکردنەوەی زیاتر لە ٥٦ ملیۆن دۆلار پلەی یەکەم بەدەست بێنێت، تائێستا ٩٨،٥٧٧ملیۆن دۆلاری کۆکردۆتەوە.

فیلمەکە باس لە کۆمەڵێکی لێهاتو ئەکات لە سوپا بەناوی G.I. Joe بەرەنگاری رێکخراوێکی دڕندەو شەڕەنگێز دەکەن، و سەرۆکی رێکخراوەکە بازرگانێکی چەك و تەقەمەنییە.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "ستیڤن سومرز"ە و هەریەك لە ئەکتەران: ئەکینۆی ئیجباجی، کریستۆڤەر ئیکسلیستۆن، راچێل نیکۆلاس، گریگۆری فیتوسی رۆڵی پاڵەوانانی فیلمەکە دەگێڕن.

٣- (The Time Traveler's Wife) ١٨،٦٢٣ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمەش لەفیلمە نوێیەکانەو توانی لەماوەی سێ رۆژدا ئەو پارەیە کۆبکاتەوە. فیلمەکە لەجۆری فیلمە رۆمانسێکانە، باس لە کابرایەك دەکات کەوا بەرپرسی پەرتوکخانەی شیکاگۆیە بەدەست نەخۆشیەکی دەگمنەوە دەناڵێنێت، کەوا دەتوانێت لەچەند سەردەمێکدا بژی، و لەنێوان ئەم سەردەمانەدا خۆشەویستی ژیانی خۆی ئەدۆزێتەوە و لەگەڵیدا هەوڵ دەدات ژیانێکی ئارام بەسەر بەرێت.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "روبرت شونتکی" و پاڵەوانەکانی فیلمەکە: ئەریك بانا، راچێل مکادامز، میشێل نۆلدین...

٤- (Julie & Julia) ١٢،٠٥٥ ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمە هەفتەی دووەمە بەژداری سینەماکان دەکات و توانی لەهەفتەی یەکەمدا بەکۆکردنەوەی ٢٠ملیۆن دۆلار پلەی دووەم بەدەست بێنێت، تائێستا ٤٣،٣٤٠ملیۆن دۆلاری کۆکردۆتەوە.

فیلمەکە باس لە ژیانی جولی و جۆلیا دەکات لە چوارچێوەیەکی کۆمیدیا، کەوا هەر یەك لە جۆلی و جۆلیا لەشوێن و کاتی جیاواز دەژین بەڵام بۆیان دەردەکەوێت کەوا بەیەکگرتن دەتوانن هەمو شتێك بکەن.

٥- (G-Force) ٩،١٥ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە هەفتەی چوارەمە بەژداری دەکات، هەفتەی پێشو پلەی سێیەمی بەدەست هێنابو، تائێستا ٩،٠٥٦ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە باس لە گروپێك بەرازی لێهاتوی گینیا دەکات کەوا رێگە لە کابرایەکی دەوڵەمەند دەگرن چونکە دەیەوێت جیهان داگیر بکات.

٦- (The Goods: Live Hard، Sell Hard) ٥،٦٤٢ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمەش لە فیلمە نوێیەکانی سینەماکانی ئەمەریکایە، و ئەو داهاتەی لەماوەی سێ رۆژدا بەدەست هێناوە.

(Harry Potter and the Half-Blood Prince) ٥،١٤١ملیۆندۆلار.

فیلمی "هاری پۆتەر و میری دورەگەز" پلە پلە دێتە خوارەوە لەریزبەندەکە، هەفتەی پێشو پلەی چوارەمی بەدەست هێنابو، وتائێستا بڕی ٢٨٣،٨٩٧ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە وا دەست پێدەکات کاتێك هاری دەست دەکاتەوە بە خوێندن بۆ ساڵی شەشەم لە قوتابخانەی سیحردا، پەرتوکێك ئەدۆزێتەوە لەسەری نوسراوە "ئەم پەرتوکە تایبەتە بە میری دو رەگەز" و لێرەوە زانیاری زیاتر وەردەگرێت لەسەر رابردوی قوتابخانەکەی و ئەو میرە ...

٧- (The Ugly Truth) ٤،٤٤٨ملیۆن دۆلار.

٨- فیلمی "راستیە تاڵەکە" هەفتەی چوارەمە بەژداری دەکات، هەفتەی پێشو پلەی شەشەمی بەدەست هێنابو، و تائێستا ٧٧،٤٤٥ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە

٩- (ponyo) ٣،٥٨٥ ملیۆن دۆلار


ئەمەش یەکێکە لەو فیلمانی بۆ هەفتەی یەکەمە بەژداری کردوە لە تۆپی باشترین فیلمەکانی سینەماکانی ئەمەریکا.

١٠- (Funny People) ٣،١٠ ملیۆن دۆلار.

ئەم فیلمە هەفتەی سێیەمە کەوا بەژداری دەکات و لە هەفتەی پێشودا توانی پلەی پێنجەم بەدەست بێنێت، لەیەکەم بەژداری کردنیشیا پلەی یەکەمی بەدەست هێنابو، و تائێستا ٤٧،٩١٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.







فیلمەکە باس لە کابرایەك دەکات بەناوی جۆرج کە ئەکتەرێکی کۆمیدیە، و بەدەست نەخۆشیەکەوە ئەناڵێنێت کەلەخوێنیدا پەیدابوەو ناتوانێت چارەسەری بکات، و تەنها یەك ساڵ ژیانی ماوە. رۆژێکیان جۆرج چاوی ئەکەوێت بەئەکتەرێکی کۆمیدی لەخۆ بایی بەناوی "ئیرا". جۆرج داوای لێدەکات کەوا لەگەڵی کار بکات هەم وەك یاریدەدەر و هەم وەك هاوڕێیەکیش.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "جود ئەباتۆ" یەو پاڵەوانانی فیلمەکە (ئادەم ساندلێر، و سیس رۆجێن، و لیسلی مان...).



ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

هونەری